


# نەهامەتییەکانی ئافرەت و شۆڕش لە ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا)

د. عوسمان یاسین

ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) لە نووسینی ڕێبوار سەلاح دەلۆ، لە چاپخانەی شەهاب -هەولێر لە ساڵی ٢٠١٦ لە سەر ئەرکی نووسەر چاپ کراوە. هەوڵ دەدەین لەمیانەی چەند خاڵێکدا باس لەم ڕۆمانە بکەین:

**یەکەم: ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە**

ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) باس لە سەربردەی کچە تاقانەی شەهیدێکی شۆڕشگێڕ دەکات (کە ناوی میترا)یە و لە لایەن دایکییەوە پەروەردە دەکرێت، تا دەگەیەنرێتە قۆناغی خوێندنی زانکۆ. دایکی کۆچی دوایی دەکات، هەرچەندە ئەو کچە (میترا) لە کاتی ژیانی دایکیدا ڕووبەڕووی هەندێ نەهامەتی دەبێتەوە، وەک دەستدرێژیکردنە سەری لەلایەن پیاوێکی دەوڵەمەندی دینداری ڕووکەش(ئەفراسیاب) (لاپەڕە ١٤)، بەڵام دوای مردنی دایکی، میترا زیاتر تووشی نەهامەتییەکان دەبێت، لەلایەن خزمێکی نزیکی کە کوڕی پووریەتی (ئارۆ)دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری و سکی پڕ دەکات، (لاپەڕە ٩٢) تا دواتر ئەو کوڕە لە ئازاری ئەو تاوانەی خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبێلێک و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت، پاشان میترا بە هاوکاری هاوڕێیەکی زانکۆی(ئاڤێستا) لە نەهامەتییەکی دیکەدا سکەکەی بە دکتۆرێکی هەوەسباز لەباردەبات. (بەشی ١١ لاپەڕەکانی ٩٩-١١٠).

بەڵام نەهامەتی گەورە لە ئاهەنگی قوتابیانی کۆلێژدا تووشی میترا دەبێت کە سەرۆکی وڵات داوەت دەکرێت و میترا دەبینێت و چاوی تێ دەبڕێت و ناچاری دەکات چەندان شەو لە باوەشیدا بخەوێت، لێرەدا میترا لەخۆی دەپرسێت: جیاوازی کەسایەتی سەرۆکی وڵات و ئارۆ و دکتۆرەکە لە چیدایە، هەموویان تینوون بە لەشی ئێمەی ئافرەت، لە هەوەسبازی و خانمبازیدا، یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە، لاپەڕە ١٥٨.

دواتر شۆڕشگێڕەکان نەهامەتییەکی دیکە تووشی میترا دەکەن، کاتێک ڕایدەسپێرن کە لە کاتی سەرجێییدا سەرۆکی وڵات بکوژێت، دواتریش لە لایەن بەرپرسی باڵای هەواڵگری شۆڕش دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەری، لاپەڕە ١٩٠-

١٩١.
نەهامەتییەکانی میترا بەردەوام دەبن و لە کاتی هەوڵی جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەی شۆڕشگێڕاندا، پیلانەکە ئاشکرا دەبێت و میترا دەستگیر دەکرێت، نەهامەتییەکانی دەستدرێژیکردنە سەری لە زینداندا بەردەوام دەبێت، پاشان شۆڕشگێڕەکان لە ڕێگای پیلانی فڕاندنی میترا لە ڕێگای گواستنەوەی بۆ دادگا ئازادی دەکەن. باوکی ئاڤێستای هاوڕێی میترا کە کادیرێکی شۆڕشگێڕان بووە، لە ناو شار پیلانەکە جێبەجێ دەکات، هەوڵ دەدات میترا بگەیەنێتە جێگای دڵنیایی، لە ڕادیۆی شۆڕگێڕان گوێی لە هەوڵی سازشکردنی نێوان شۆڕشگێڕان و ڕژێم دەبێت، دواتریش کاغەزێکی لە ناوەندی باڵای هەواڵگری شۆڕش پێ دەگات و داوای لێ دەکەن بە پەلە بە مەبەستی کارێکی پێویست سەردانیان بکات، لاپەڕە ٢٩٦. باوکی ئاڤێستا بە پەلە سەردانیان دەکات و تووشی شۆک دەبێت، کاتێک بەرپرسی باڵای هەواڵگری شۆڕش دوای سوپاس و دەستخۆشیکردنی لە ئەنجامدانی چالاکی فڕاندنی میترا، پێی ڕادەگەیەنێت کە یەکێک لە داواکارییەکانی ڕژێم لەم سازشکردنەدا بە لەدەستدانی ئەو ئافرەتەیە کە لایان بە خائنی یەکەمی وڵات ناوی دەرکردووە (میترا) لەگەڵ ئەو کەسانەی دەستیان لە هەڵاتنەکەیدا هەبووە. لاپەڕە ٣٠١-٣٠٢، بەڵام باوکی ئاڤێستا بە هیچ جۆرێک ئامادە نابێت میترا ڕادەستی هیچ کەس و لایەنێک بکات، ئەمەش بەکردەوە دەسەلمێنێت، لاپەڕە ٣١٠. کاتێک باوکی ئاڤێستا خۆی و خێزانی و کچەکەی و میترا دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە ڕێگای فڕۆکەخانەی وڵاتێکی دراوسێوە گەشتی وڵاتێکی ئەوروپا دەکەن و دەچنە لەندەن تا داوای مافی پەنابەری بکەن. کۆتایی ڕووداوەکەش بە نیشتنەوەی فڕۆکەی گەشتەکەی باوکی ئاڤێستا و خێزانەکەی و کچەکەی و میترا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی شاری لەندەن کۆتایی دێت، لاپەڕە ٣٩١.

**دووەم: ڕووداوی لاوەکی ڕۆمانەکە**

دیارە هونەری گێڕانەوە(فن السرد) ئیش لەسەر ڕووداو دەکات، خودی کرداری گێڕانەوە ڕووداوێک، یان چەندان ڕووداو دەخاتە ڕوو کە لەوانەیە ڕووداوێکی سەرەکی هەبێت و چەند ڕووداوێکی لاوەکی لە فەلسەفە و ماناکردنەوەدا لەگەڵ ڕووداوە سەرەکییەکەدا دەگێڕدرێنەوە. بەرچاوترین ڕووداوی لاوەکی ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) کارەساتەکەی کەیکاوسی دراوسێی ماڵی میترایە، ئەو پیاوە وەک دڕندە لەگەڵ منداڵەکانی هەڵسوکەوت دەکات، هەمیشە لە ماڵەکەی فەرتەنە و هەرایە، نەهامەتی بەسەر کچەکانیدا دەهێنێت، پێش ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت، چاو دەبڕێتە میترا و داوای لێ دەکات شووی پێ بکات، لاپەڕەکانی ٢٣-٣٠ ئەم ڕووداوە لاوەکییە لە چوارچێوەی کرۆکی ناوەرۆکی ڕووداوی سەرەکی دەخولێتەوە کە پیاوی خراپ هۆکاری نەهامەتی ئافرەتانە، چونکە هەر تەنیا ئافرەت وەک جەستە دەبینن و بینایییان پەی بە ڕوحی ئافرەت نابات، هەندێ ڕووداوی لاوەکی دیکە لەو ڕۆمانەدا خراونەتە ڕوو، بۆ نیشاندانی ئەو نەهامەتییانەی تووشی ئایین بوونە. (بڕوانە ڕووداوە لاوەکییەکانی لاپەڕەکانی ٣١٩-٣٢٠).

**سێیەم: تیمەی ڕۆمانەکە**

دەکرێت تیمەی thema ڕۆمانی(شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) لە چوارچێوەی بۆچوونی ئەم پێنج خاڵانەدا بەدی بکرێت:

١- ئافرەت لە لایەن پیاوەوە کە دەسەڵاتدارە لە کۆمەڵگادا، ڕووبەڕووی نەهامەتی دەبێتەوە.

٢- ڕژێمی دەسەڵاتدار و شۆڕگێڕان بە هەمان شێوە نەهامەتی بەسەر ئافرەتدا دەهێنن، ڕژێم و شۆڕشگێڕان وەک یەک ئافرەت بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنن. (چۆن دڵتان دێت ئاوها لەگەڵ من هەڵسوکەوت دەکەن، ئێوە خۆتان دەڵێن، گوایە من کچی تێکۆشەرێکی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیم، چۆن دەتوانن بێ مۆڵەتی خۆم وێنەم دەگرن و بە پێی خۆم دەمنێرنە بەر پەتی سێدارە (لاپەڕەکانی ١٨٦-١٨٧).

سەرۆکی ڕژێم و بەرپرسی باڵای شۆڕشگێڕان هەروەک پیاو تەنیا جەستەی ئافرەت دەبینن و هەوەسبازی لەگەڵدا دەکەن: (میترا نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بێنێت سەرۆکێک کە خاوەنی هەموو وڵات و خاک و نیشتمانە، ئەوە بیرکردنەوەی بێت و ئەوەندە لاواز و بچووک خۆی پێناسە بکات، پرسیاری لە خۆی کرد، خودایە چ هێزێکت بە ئافرەت بەخشیوە بۆ دەستەمۆکردن و بەخسیرکردنی پیاو) لاپەڕە ١٥٣. (ئەگەر سبەی بارودۆخ بگۆڕێ و جەنابیان دەسەڵاتی خۆیان

گوتەنی شەرعی بگرنە دەست، ئەو دەم چۆن دەبێت پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی ژنان و کچان و هەموو خەڵکی بکەن، بۆ تەنیا شەوێک نەیتوانی شەرەفی من بپارێزێت، ئەدی چلۆن کەرامەتی خاکی وڵات و پیرۆزییەکانی دەپارێزێت، گومانم لەوەدا نییە، پیاوی هەموو کەسێکن، گەلی لێ دەرچێت) لاپەڕە ١٩١-١٩٢، هەرچەندە ئەم نەهامەتییە تووشی شۆڕشگێڕانیش بووە، بەڵام ئومێدی ئافرەت هەر بە شۆڕشە، چونکە دواتر هەر شۆڕشگێڕان هەوڵی ڕزگارکردنی دەدەن، دواجار شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە فریای ئافرەت دەکەوێت، نەک ئەو شۆڕشگێڕەی کە هەمان سیاسەتی ڕژێم پەیڕەو دەکات و چەواشەکاری خەڵک دەکات.

٣-خستنەڕووی فەلسەفەی ڕێکارەکانی دەسەڵاتداران لە دەستەمۆکردنی کۆمەڵگادا، برسیەتی و بێکاری و ماددەی هۆشبەر چەکی کوشندەی دەسەڵاتدارە بۆ مانەوە و پاوانخوازی دەسەڵاتەکەی، ئەوەتا سەرۆکی وڵات لەبەردەم میترادا دان بەو ڕاستییەدا دەنێت. (لەبیرت نەچێت، ئەگەر گەل زۆر تێر و خۆشگوزەران بن، ئەودەم لەوانەیە وڵات بە جۆرێکی تر، بەرەو داڕووخان و وێرانکاری بڕوات، برسی کردنی خەڵکیش هونەرێکی گەورەیە) لاپەڕە ١٧٢.

٤-بەستنەوەی نەهامەتی ئافرەت بە نەهامەتی شۆڕشەوە، ئافرەت و شۆڕش بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی نەهامەتی دەبنەوە، ئافرەت دەچەوسێتەوە، تەنیا وەک جەستە سەیر دەکرێت کە بابەتێکە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پیاو، پێویستە شۆڕشگێڕەکان دژی ئەم بۆچوونانە ڕەفتار بکەن، بەڵام بە داخەوە کەسانێکی بەرپرسی باڵایان هەمان ڕەفتاری پیاوانی ڕژێمی دەسەڵاتداران بەرانبەر ئافرەت دەکەن. (لاپەڕەکانی ١٩٠-١٩١).

لە شۆڕشدا پێویستە بنکە و سەرکردە هاوژیان و هاوگوزەران بن لە پێناو سەرخستنی شۆڕشەکەیاندا، بەڵام شۆڕشیش تووشی نەهامەتی بووە، بەرپرسانی باڵای شۆڕش لەوپەڕی ژیانی خۆشگوزەرانیدان، شۆڕشگێڕانی خوارووش لەوپەڕی گوزەرانی خراپدان. ئەوەتا شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لەو ڕۆمانەدا کە باوکی ئاڤێستایە کە لە لایەن ناوەندی هەواڵگری شۆڕشەوە بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی داواکاری ڕژێمی لە سازشکردندا پێ ڕابگەنن کە ڕادەستکردنی میترا و ئەوانەی هەوڵی ڕزگارکردنیان داوە، باوکی ئاڤێستا بە بەرپرسی باڵای شۆڕش دەڵێت: بۆ ئێمە خەریکی کڕین و فرۆشتنین، یان شۆڕش و بەرخۆدان دەکەین! کوڕی خەڵکی لە سەر ئەم بیردۆز و هاوکێشانە بە کوشت دەدەن و جەرگی هەزاران دایک دەسووتێنن. شەرم ناکەیت لە خۆت، پاسەوانەکانت لە دەرەوە نیسکیشیان بە تێری دەست ناکەوێت، جەنابیشت لێرە بۆ من ناوی جۆری مەشروبەکان ڕیز دەکەیت، چۆن گۆشتی پۆڕت پێ دەخورێت لە دەرەوەی ئەم ژوورەش باسی ژینگەپارێزی و وڵاتپارێزی دەکەیت، لاپەڕە ٣٠٢.

٥-بەستنەوەی نەهامەتی ئافرەت بەو نەهامەتییانەی کە تووشی ئایین بوونە، پیاوانێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی وەک ئاییندارێک خۆیان نیشانی کۆمەڵگا دەدەن، ئەو کەسانە بەشدارن لەو نەهامەتییانەی کە بەسەر ئافرەت دێت، هەروەها بەشداریشن لەو نەهامەتییەی کە بەسەر خودی ئایینداریياندا هێناوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، هەروەک چۆن نموونەی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە کە باوکی ئاڤێستایە لە ڕۆمانەکە بەرچاو دەکەوێت، لە بەرانبەر خەڵکانێک کە هاوشێوەی ڕژێم هەڵسوکەوت دەکەن لە ناو شۆڕشگێڕاندا، دەبووایە نموونەی کەسایەتی پیاوێکی ئایینی ڕاستەقینەش لەو ڕۆمانەدا بەرچاو بکەوتایە کە ڕووکەشانە ئاییندار نەبووایە، لە دەرەوەی ئەو نەهامەتییە هەڵسوکەوتی کردبا. پێم وایە هەرچەندە نووسەر ئاماژەیەکی بۆ ئایدیای بەرزی ئایینێک کردووە: کوا شکۆ و هەژموونی «وتەی باش، بیری باش، کردەوەی باش»، لاپەڕە ٧٦، بەڵام کارەکتەرێکی ئایینزای تەندروستی باس نەکردووە، لەوانەیە ئەمەش پێوەندی بە ئایدیۆلۆژیای نووسەرەوە هەبێت لەم بارەیەوە. هەرچەندە لەم ڕۆمانەدا باس لە داپلۆسینی ئایینی کراوە، چونکە لەسەر زاری میترا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئایینی ڕەسەنی باوک و باپیرانیان کە زەردەشتییەتە، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەوڵی سڕینەوەی دراوە، مەزارگەکان خاپوورکراون. لاپەڕە ٣٢١.

## چوارەم: فانتازیای ڕۆمانەکە

فانتازیا (Fantasy) پرۆسەی دروستکردنی خەیاڵەکانە، کە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە و مەحاڵە بێتە دی، ئەگەر فەنتازیا وەک هونەرێکی بواری ئەدەبی و گێڕانەوە سەیر بکرێت، دەربازبوونی بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆڤە لە میانەی گێڕانەوەدا بۆ وێناکردنی

واقیع بە شێوەیەک کە خەیاڵی خوێنەر لەگەڵیدا بەرەو ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی فراوان بفڕێت، فانتازیا وەک کارێکی ئەدەبییە، کە واقیع و حەقیقەت لە گێڕانەوەیاندا، لە لۆجیکی بیرکردنەوە ئازاد دەبن، کە تێیدا زێدەڕۆیی لە دەست بەسەرداگرانی خەیاڵی خوێنەر دەکرێت (معجم المصطلحات الأدبية المعاصر، سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني بيروت، سوشبرس الدار البيضا، ٥٨٩١، ١ط، ص ١٧٠).لە میانەی فەنتازیادا خەون و خەیاڵ و خولیای کەسێک بەدەردەکەوێت، چونکە کەشوهەوای فەنتازیا هۆکارێکی کرداری و سەرکەوتووە بۆ دۆزینەوەی خولیا و سۆزی کەسەکان-مرۆڤەکان کە دەشاردرێنەوە و بە پێی عورف و خەسڵەتەکاتی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت سەیری فانتازیا بکرێت کە هەمان ئەو مەبەستە بەخۆوە دەگرێت کە گرێی (الحبكة) چیرۆکی ڕۆماننووسێکی واقیعی هەیەتی. (ت. ی. ابتر، أدب الفانتازيا مدخل إلى الواقع، ترجمة صبار سعدون السعدون، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٢)، ئەگەر لەم سۆنگەیانەوە سەیری فانتازیا بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەک فانتازیا لە ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) تەوزیف کراوە.

لەبەر ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەشێت جۆرێک لە فانتازیای گێڕانەوە بەدی بکرێت، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە میترا دەکەوێتە خەون و خەیاڵی دایک و هەندێک جار باوکی، واتە بەرچاوترین فەنتازیا خۆی لەو دیمەنی خەون و خەیاڵکردنانەی میترادا بەرچاو دەکەوێت، لە ساتی ڕووتێکردنی نەهامەتییەکاندا، زۆرجار دایکی و هەندێ جار باوکی دێنە خەون و خەیاڵی. بەدوای دایکیدا غاری دەدا، نەیدەگەیشتێ، دایکی لە نێو بەرگێکی سپی و هاڵاوتەمێکی چڕ، بۆ لای ئەم بێ سەبرانە هەنگاوی دەنا، ئەویش بە هەموو توانایییەکییەوە بەرەو دواوە دەڕۆیشت، بە بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، هیچیان نەدەگەیشتنە یەکتر. هەندێک جار دایکی لە نێو گوڵ و گوڵزارێکی ڕەنگین و ڕازاوە دەبینی، هەندێ جاریش، دەوروبەری هەموو بەستەڵەک بوو و بەستبووی. لاپەڕە ٥٣. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا خەونی میترا فانتازیایەکی دیکەی ڕۆمانەکەیە: ئەم جارەیان خەون بەر دەرگای لە میترا گرتبوو، ئەویش بە دنیایەک ئارەزوو و ئومێدەوە، خۆی ڕادەستی کردبوو." دایکی میترا، بەزەردەخەنەوە و باوکیشی بە ڕوخسارێکی گەشەوە، لە دوورەوە باوەشیان بۆ گرتبووەوە، پێکەنین لەسەر زاری دایکی لانەدەچوو، دانە(کە ڕاستییەکەی ددانە) ورد و سپییەکانی وەک مرواریی چەرموو، دەدرەوشایەوە(کە دروستتر وایە بگوترابا دەدرەوشانەوە). ئەم جارەیان، وەک بڵێی زۆر لە نزیکەوە، هەستی بە بوونی دایکی دەکرد، لە ئامێزیدا ئۆقرەی گرتبوو، ژیان باوەشی زۆر کەسی بۆ کردبۆوە، بەڵام هیچیان وەک ئەو ئاسوودەیی و ئارامییەی پێ نەبەخشیبوو، دایکی میترا وتی:کچەکەم، ئیدی دەروازەی هیوا و کامەرانیت بۆ کراوەتەوە، من دەزانم تا ماویت، ئازارەکانی جەستە و ڕوحت، کەم ناکەن، بەڵکو وەک برینێکی سەخت، هەمیشە دەکولێنەوە، دەزانم ڕەشبینییەکی ئەستوور، دەمێکە، وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە تەنیویەتی، بەڵام لە بیرت نەچێت، ژیان واتە بەردەوامی، مرۆڤ لە دنیادا وێڵە، بۆ ئەوەی بژیت، سەرگەردانە بە دوای ڕاستییە شاراوەکان، عەودالی دۆزینەوەی بەرسڤی کۆمەڵە پرسیارگەلێکە. لاپەڕە ٣٩٠-٣٩١

نووسەر لەمیانەی دیمەنە فانتازیا ئامێزەکاندا توانیویەتی خولیاو ئەندێشە کپکراوەکانی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە کە میترایە، بخاتە ڕوو، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو خەون و خەیاڵە فانتازییەکان فەلسەفە و جیهانی قووڵی دایکی میتراش نمایش دەکات، ئا لێرەدا ئەوە تێبینی دەکەین کە لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەکی باش فانتازیا بەو ئاراستەیە تەوزیف کراوە کە دەربڕی خەون و خولیا دەرنەبڕاوەکانی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە بێت.

**پێنجەم: زمان لە ڕۆمانەکەدا**

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەگەر سەیری ڕۆمانی (شەوێک لە باوەشی سەرۆکدا) بکەین، تا ڕادەیەک هەست بە سادەیی بەکارهێنانی زمان دەکەین، بەڵام ئەوەی لە هەندێ شوێنی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەون، بوونی هەندێ هەڵەی زمانەوانییە، جگە لەوەی لە شوێنی پێویستدا زۆرجاران ڕەچاوی کۆما و خاڵبەندی و ئاماژەکانی سەرسوڕمان و پرسیارکردن نەکراوە، لە هەندێ شوێندا وەک پێویست ڕستەی ڕێزمانی بەکار نەهاتووە، تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بەم لاپەڕانە دەکەین: ١٥٨، ١٨٧، ١٩٢، ٢٧٩، ٢٨٥، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی زمانەوانی زیاتر تایبەتکاری پسپۆڕانی ئەو بوارەیە، بۆیە ماف بەخۆم نادەم لەم بارەیەوە زیاتری لە سەر بدوێم.